

# جەریدە خوێندنەوە

نەجات روستی
najatrosty@yahoo.com

هەموو رۆژی رۆژنامە هاوریێ بەردەوامە، لەهەر کویێ چاوم بکەوێتە سەر رۆژنامەیەك ,ئارەزوو دەکەم لیێ نزیك ببمەوە چاوێکی خێرایی پیێدا بخشێنم  ئەگەر رۆژنامەکە بابەتێکی سەرنج راکێشی تێدا بیێ، ئەوا هەولێ ئەدەم وا لە بەرامبەرەکەم بگەیێنم کە ئەو رۆژنامەیە پێویستمەو وەدەمەویێ بیخوێنمەوە. جاری وا هەیە پییێ دەڵێم کە رۆژنامەکە ئەبەم ئەیخوێنمەوە دوای دەیهێنمەوە. بەوە باوەر مەکە ئەگەر رۆژنامەیەك و برا جارێکی تر بگەرێتەوە، چارەنووسی یان هەڵگرتن لەگونیەو ئەرشیف یان سفرەی نان خواردن و یان لەناو سەلاجەکاندا دادەنرێت بۆ ئەوەی ناوەوەی پیس نەبیێ.

خوێنەری واش هەیە, هەرحەز دەکا رۆژنامە بە دەستەوە بگریێ بۆ ئەوەی وا لەبەرامبەرەکەی بگەیەنیێ کە خوێنەری رۆژنامەیە. بەلاّم لەراستیدا وانییە. رەنگە زۆر خۆی بە خوێنەر بزانیێ تەنها سەردێری مانشێتەکان دەخوێنێتەو زۆر بە پەلە. خوێنەری واش هەیە هەر لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی ئەیخوێنێتەوە. بەلاّم ئەمانە خوێنەر نین بەلکو ئەوانەی وا دەخوێننەوە یان پاسەوانی ماڵە مەسئول و یان شوێنە کانی تر لە بێکاری دەیخوێننەوە. بیستوومە لەبەندینخانەکان رۆژنامە باش دەخوێندرێتەوە چونکە بێکارو کاسب و لەچوار دیواری بەندینخانەدا رۆژنامە دەکەنە هاواورێیان بۆ ئەوەی ئاگاداری دەرەوە بین.

هەندیێ لەپیاوە بە تەمەنەکانیش, ئەگەر رۆژنامەی بەلاشیان دەست کەویێ دەخوێننەوە هەر چەندە خوێندنەوە بۆ ئەوان لەچاو کەسی ئاسایی تۆزیێ قورسە, هەندێکیشیان گلەیی ئەوە دەکەن کە فۆنتی رۆژنامەکان زۆر بچووکە بە ئاسانی ناخوێنرێتەوە. رەنگە زۆرێك لەرۆژنامەنووسانی سلێمانی دیمەنی ئەو پیاوە بە تەمەنەیان بینیبیێ لەبەرامبەر چایخانەی  شەعب کە رۆژانە رۆژنامەکان دەخوێنێتەوە سەرەرای ئەوەی چاویلکەیەکی شاشە ئەستوری لەچاودایە, دەسکی زەرەبینێکی پێیەو لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکان رادەگریێ و بابەتەکانی رۆژنامەکان دەخوێنێتەوە زۆر جار سەرنجم رادەکێشیێ و حەز دەکەم لەبەرامبەری بوەستم سەیری بکەم.

رۆژێك خۆم بۆ نەگیراو لیێ نزیك بوومەوە هەستی کرد دەمەویێ شتێك بڵێم بۆیە زەرەبینەکەی هێنایە خوارەوە لێم پرسی، ئەو شێوە خوێندنەوە چاوەکانت ئەزیت نادات. بە خەندەیەکەوە وەك بڵیێ

گالّاتەی لە گەلّ دەکەم ووتی : ئەی چۆن دە وەرە بزانە دوو دێرت بۆ دوخوێنرێتەوە, گلەیی ئەوەی کرد کە فۆنتی هەندێ لەرۆژنامەکان زۆر وردە ئەو هەرنایان خوێنێتەوە.

وەزیرەکان هەموو رۆژی کۆلّێ رۆژنامەیان بۆ دێت بەلّام باوەڕ مەکە دوو بابەت بخوێننەوە، مەگەر ئەو بابەتانە کە تایبەتن بە وەزارەتەکەی ، ئەویش تاقەتی نییە هەمووی بخوێنێتەوە، سکرتێرەکەی یان ئەو کەسەی کاری راگەیاندن دەکات بە قەلّەمێکی سور هێلّ بە ژێر ئەو بأگانە ئەکێشن کە پەیوەندی بە خودی وەزیرەکەوە هەیە. بەپێچەوانەی وولّاتە پێشکەوتووەکانی تری دونیا ئێمە خوێنەرمان زۆرکەمە بەلّام نووسەرمان زۆرە. ئەوانەی لەدەرەوە دەگەرێنەوە دەلّێن زۆرترین خوێندنەوەی رۆژنامەلە ئەلّمانیایە. لەهەر شوێنێك کەسێك ئەبینی رۆژنامەییەکی بە دەستەوەیەوە لەناوپاس، لە چایخانە، لەپشووی سەرکار لەهەموو جێگایەك . بەلّام بە لای ئێمە پێچەوانەیە رەنگ خوێنەری ئێمەش ناهەحیان نەبێ. چونکە بابەتی رۆژنامەکانمان خوێنەر بێزار دەکات. بابەتی سەرنج راکێش تەنزە ئامز کەمە و هەموو نووسین و هەوالّ ریپورتاژ و تەنانەت هەلّەکانی چاپیش لەیەکتر ئەچن. ئیوارەیەکی لە مالّەوە بابەتێکم دەخوێندەوە. دایکم لێم نزیك بووە لەسەر کورسیەکە تەنیشتم دانیشت، منیش دەنگم بەرزکردەوە بۆ ئەوەی گوێ لێ بێت. دوای ئەوەی بابەتەکەم خوێندەوە ویستم رای دایکم بزانم. پرسیم بابەتێکی چۆن بوو بە رامانێکەوە.... تو خوا رۆلّە. خۆت بۆ بەم شتە سەیریانە خەریك دەکەی گوێ لەهەقایەتە کۆنەکانی من بگری باشتر نیە ؟